# سەیر و سەمەرەکانی وولآتی ئێمە

**حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ**
husin966@yahoo.com

شتە سەرسورهێنەرەکانی جیهان بریتن لە حەوت شت کە بە ( عجائب سبعە ) ناوبانگیان دەرکردووە تەنها یەکێك لـەو حـەوت شتە کەوتووەتە ولآتی ( مۆزۆپۆتامیا یان ولآتی نێوان دوو زێ )وە ئەویش بریتی بوو لە باخچە هەڵواسـتراوەکانی شـاری بابـل (الجنائن المعلقە )، بەلآم ئێستا لەم وولآتەی ئێمەدا سەیر و سەمەرەی زۆر هەن کە لە تواناى منـدا نییـە هـەمووی بـاس بکـەم بەلآم ئەمانەی لای خوارەوە مشتێکن لە خەرواری ئەو شتە سەر سوڕ هێنەرو عەنتیکە و عاجباتیانـەی کـە لـە وولآتـی ئێمـەدا هەن و و زۆرن و لە شوێنەکانی تری دنیادا نمونـەیان کەمـە و دەگمـەنن ، مەبەسـتم لـەم باسـکردنە بـۆ ئـەوە نییـە کـە وەکـو هەندێك کەس چاوی بە حکومەتدا هەڵنایەت و بەردەوام پلار و توانج دەهاوێژێ و هەمیشە سەنگەر و مەتەرێزی لـە حکومـەتی هەرێمی کوردستان گرتووە و بەر رێژنەی رەخنـەی روخێنـەر و قـسەی نـا لۆجـستیکی و دەدات یـان خوانەخواسـتە مەبەسـتم رووشاندن و لەکەدار کردنی هیچ کەسێك یاخود حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە ، چونکە نـەمامی ئـەم دەسـتکەوتانەی کـە ئێستا هەیە بە پـەرلەمان و حکومەتەوە بەخوێنی هەزاران رۆڵەی ئەم میللەتە و فرمێسك و ئەرەقەی ئەم گەلـە غـەدر لێکـراو و مەزڵومە ئاودراوە بۆیە هەقە تاکو دەبینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان وەکـو بیلبیلـەی چـاوانمان ئـەم حکومەتـەمان خۆشمان بوێت و بیپارێزین ، یان ئەم باسەم تەنها بۆ باسکردن نییە بەڵکو ئەوانەی کە لێـێ بەرپرسـیارن ( تـاکو کـۆ ) هـەوڵ بدەن چارەسەریەکی بنەڕەتی بۆ بدۆزنەوە چونکە تەشەنەکردنی هەر نەخۆشی و پەتا و عیللەتێك ئەگەر پێشگیری لێنـەکرێت دەبێتە هۆی نەخۆشیەکی کوشندە و دەردێکی بێئامان و زیانەکانی زۆر تر و کاریگەر تر دەبێت بە تایبـەت ئەمـەی مـن باسـی دەکەم تایبەتمەندن بە رەوشی گوزەرانی کۆمەڵگای ئێمەوە لە هەرێمی کوردستان و ئێراقدا.

ئەمانـە تـەنها دوو حـەوت لـە سـەیر و سـەمەرکانی ولآتـی ئێمەیـە دەیخەمـە روو زۆربـەیان قـسەی دەمـی خەڵکـە مـن لێـرەدا دامرشتووە :-

1- لە ئێراقدا شیعە وشیعە پێکەوە هەڵناکەن مەبەستم (سەدر و بەدر)ە ئێمەی کورد دڵی خۆمان خۆش دەکـەین و بەتەماین لەگەڵ ئێمە کۆك و تەبا و برا و دۆست و هاوڕێ ی باشبن .

2- هاونیشتمانیان و هاوولآتیانی کوردستان هەمیـشە داوای مـاف و جیـاوك ودەسـتکەوت لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردستان دەکەن بەبێ ئەوە کەسە ئەرك و راژەی سەر شانی خۆی وەکو هاوولآتیەك بزانێ و جێبەجێ بکـات یان هەوڵی بەشداری کردن لە پرۆسەی بنیاتنانەوە و چاکسازیدا بکات ، ئەمە لە هیچ کوێی دنیادا نییە .

3- سالآنە چەندین قوتابی لە کۆلیجی پزیشکی خوێندن تەواو دەکەن و دەبنە دکتۆر و پێـشتریش بێـچاوانی بێـت خۆمـان (فـرە )مـان هـەبوو و لـە ناوەڕاسـت و باشوری ئێراقەوە ژمارەیەکی زۆر دکتۆر و نۆژداری شارەزا هاتوونەتـە هـەولێری پایتـەخت و شـارەکانی تـری کوردستان بەلآم پەیتا پەیتا نرخی سەردانی دکتۆر و عەیادە ونەشتەرگری گران دەبێت و وادی چاوپێکەوتنی دکتۆر درەنگ تـر دەبێـت کـە هەنـدیکیان کـات بـۆ کۆتـایی سـاڵی 2008 دادەنـین بـەبێ ئـەوەی بـزانن ئـەو نەخۆشە چەندی تر دەژێت .

4- ماڵ و قوتابخانە هاوتەریب بە جمك (دوانە) تەواو کەری یەکتن بـۆ پـەروەردەکردنی منـداڵ بـەلآم لـەلای ئێمـە ماڵ بە کوتەك و قوتابخانە بە پێچەوانەوە بە نەرمی مامەڵە لەگەڵ منداڵدا دەکـات بۆیـە مامۆسـتاکان گیریـان خواردووە بە دەستی منداڵی ئەم زەمانەوە ، هەقە یاسایەك دەربچێت کە منداڵ نابێت لە ماڵیـشەوە دارکـاری و فەلاقە بکرێت نەك تەنها لە قوتابخانە .

5- کوردستان ولاتێکی کشتوکاڵی یە بەڵام کشتوکاڵ ئەوەندە کەم بایەخکراوە تەنانەت کەرەوس و سلّق لەدەرەوە دەهێنرێت ، گوندەکانیش لە کوردستاندا یان شارەکان خۆش یان عەرەبیان هێناوە مەڕداری و فەلاحەتیان بۆ بکات و لە جێگایان ببێتە گوندنشین .

6- ئەو کۆمپانیا جیهانیانەی کە خەریکی دروستکردنی ئۆتۆمبیل و کەرەستەی ترن هەریەك ناوێکیان بۆ بەرهەم و کالآو کەل و پەلەکانیان داناوە بەڵام کە گەیشتنە کوردستان ولەلای ئێمە ناوی سەیر و عەنتیکەیان لێدەنرێت وەکو جۆری ئۆتۆمبیلی ( گامێش و پشیلە و مۆنیکا و مەرزیە و عەزیز ویسی و عەرەب عوسمان … هتد) .

7- وەزارەتێك بۆ کارەبای هەرێم دانراوە بەڵام لە شەو رۆژێکدا دووسەعات کارەبا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە ئەویش لە دوای نیوەشەوەوە دەدرێت ، هەرێمی کوردستان جگە لە ویستگەکانی کارەبای بەنداوەکانی دوکان و دەربندیخان لە ئێراق و ئێران و تورکیاوە کارەبای بۆ دێت بەڵام هەربەش ناکات لە گەڵ ئەوەشدا ئامێری کارەبا بە تایبەت سپلت و هاوچەشنەکانی ئەوەی وزەی کارەبای زۆری دەوێت بێئەندازە رێگای پێدەدرێت بێتە کوردستانەوە.

8- ئەوەندە وزیر و وەزیری هەرێمان هەیە کە نەك من و زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان ناویان نازانین بەڵکو وەزیرە بەڕێزەکان خۆیشیان زۆربەیان یەکتر ناناسن ، هەقە وەزیر لەبەر خاتری رازی کردنی دڵی حزبێك کە دەنگی لە هەڵبژاردندا نەهێناوە دانەنرێت تەنها لێرە ئەو شتە هەیە .

9- نرخی بەنزین بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێ و ژمارەی ئۆتۆمبیل لە زیاد بووندایە ئەمە چۆن تناسب عەکسیەکە ، رۆژ لە دوای رۆژ نرخی بەنزین لەلایەن وزارەتی نەوتی ئێراقەوە بەرز دەکرێتەوە لە کاتێکدا کە خۆی ئەزمەی بەنزین و هاوپشتەکانیەتی .

10- لە بەنزینخانە سی لەتر بەنزین بۆ ماوەی هەفتەیك بە هاولاّتیان دەدرێت بەڵام لە شارە گەورەکانی کوردستاندا جێگا نییە تەنکەری بنزین وگازی لێبوەستێت وئەگەر لەبازاڕی رەشدا چەندت دەوێت لە نەوت وموشتەقاتەکانی دەستت دەکەوێت و هیچ موعتل نابیت .

11- بازاڕی ئازاد بۆ بواردانە بە هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێت سەرمایەکانیان بخەنە بازاڕەوە بە شێوەی بۆربۆرین ( منافسە ) هاوکار بن لە باشتر خزمەتکردن بە کەمترین نرخ بۆ کار ئاسانی هاونیشتمانیان نەك بۆ قۆرخکردن ، ئاسمانی کوردستان کراوەتە دوو بەشەوە لە نێوان دوو کۆمپانیای کۆڕەك تلیکۆم و ئاسیا سێڵ ئەوان هەقیان لە زەوی نییە و یەکناگرنەوە مەگەر خوا بۆخۆی چاکی بکاتەوە و بیانکات بەیەك گیان لە دوو جەستەدا.

12- پاسەوان یان (حیمایە) تەنها بۆ ئەوە دانراوە کە گیانی بەرپرسەکەی بپارێزێت و ئاگای لێی بێت و خۆی بەکوشت بدات لەسەری ، بەڵام لە ئێراقدا پاسەوانەکە خۆی بە بەرپرسەکەدا دەتەقێنێتەوە ، ئەمە چۆن متمانەیەکە کە سەری خۆتی پێ بسپێرە.

13- هەندێك بەڕێوەبەر و بەرپرس ئەوەندە خۆشحاڵن بۆ هاتنی نەسریە و بە هی خۆیانی دەزانن ئەوەندە حیساب بۆ موچەکەی ناکات و دڵی پێی خۆش نییە ، لە کاتێکدا موچەی پۆلیسێکی ئەم ولاّتە لە موچەی وەزیرێکی هەندێك ولاّت زیاترە .

14- ئەو رۆژانەی کە دەوام هەیە و رێکەوت وایە بەر یاد و موناسەبەیەکی ئاینی یان نەتەوایەتی دەکەون لە کوردستاندا یان پاش نیوە شەو بەیانیەکەی دەکرێتە پشوو یان رۆژی پاشتر لە بری ئەو رۆژە دادەنرێت .